
چیرۆک



حەمەسەعید زەنگنە

# حییزە فرە جەماوەرەکەی گوڵەباخ



– جا تۆ ڕاسپاردەکەیت بەجێ هێنا؟

– ئینجا وا قسانت بۆ دەکەم، ئەو بەیانییە! سوبحانەڵڵا لە خەو مام، شەوەکەی تەلەفۆنم بۆ کرا، دوو بازرگانی برادەرم لە ئێرانڕا هاتبوون، ئەوانیش گوڵەباخیان دەناسی و دۆستایەتی و سەروسەختیان دەگەڵی هەبوو. لەوەوبەر هەرچەند بهاتبان، دەبوو سەرێکی گوڵەباخ بدەن و، دە نزیکەوە حاڵ و ئەحواڵ و سۆراخی وەپرسن. شەوێ دا ماڵخەوتنێکی درەنگ، لە ئوتێل لە کن ئەوان مامەوە، لێل ئەوان پێکڤە کۆڕی حەکایەتمان جۆش دا، باس هەر باسی گوڵەباخ بوو، ئەوەندە پێکەنیوین، ئەڵبەت بەدرێژایی ئەو ساڵە ئەز بۆخۆم بەرتەقای ئەو شەوەم چێژ و تەناهی ئۆخژن نەدیتبێت!

مستەفا خۆی حیلکاوی بوو، هێندەش حیلکابووەوە، کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دا، چرچاوی گش تێکچووبوون، جارناجارێک ڕووی دەوی تێدەکردین و دەیگوت: خوا وەخێری وەگێڕی ئەمشۆ فرە خەنیمان؟

حەمە حوسێنیش زۆر گوڵئەحمەدی خۆشدەویست، گوتی:

بۆ یەکەمین جار کە گوڵەباخم ناسی! تازە وێڕای برازاکانی لە کۆڕەوەکەدا، ڕەویان کردبوو، هاتبوون بۆ ئەودیو، لە ماڵی کوڕی نانەخۆرەبوون، ئەو پیاوێکی قۆشمە و لەبەر دڵان فێنک بوو، گوڵەباخ بەو چەند ڕۆژە کەمە، شارەزای ئاکار و ڕەفتار و قسە پڕ سوعبەتەکانی بوو بوو. تەڤایێک وەلیفەتیان پێکەوە گرتبوو، کوڕی نانەخۆرە هەرچۆنێ دەئاخاوت، گوڵەباخ یەک بەژوورەکە دەیشیراند: برامی!

من ڤێ گاڤێ لەبارەی گوڵەباخەوە هیچی وامنەدەزانی! لێ بەو دووسێ هەیڤەی، گوڵەباخ لەتەک برازایەکانی لە نک ئێمە مانەوە! ئێمە ئازگارێک بەڵەدی خەسلەت و ڕەوتارەکانی گوڵئەحمەد بووین، خانوویەکمان لە دەوروپشتی خۆمان بۆ گرتن، ئەوی شەوێ نەچووبام و گوێم لە گوتە پڕ بایەخ و نەستەقەکانی گوڵئەحمەد نەبووبا، بۆ بەیانییەکەی وەکی شتێکم بزر کردبا وابوو، هەرچەندە نەشچووبام ئەوی بۆ ڕۆژی پاشتر مەگەر میوانی هاتبا، ئەگەرنا هەر بەسەری دەکردینەوە.

خۆش بوو! ئەو چەند مانگە قەرەبوو ناکرێنەوە، (چاوێکی لە دەمژمێرەکەی دەستی کرد) ئرینگە درەنگە ئەگینا دەچووین و سەردانیمان دەکرد و لێل خۆشماندا دەمان هێنا، ئەو شەوە ویسکییەکی زۆرمان نۆشی، لێ تەنیا سیگار و گوتە خۆشەکانی گوڵئەحمەد مەزەمان بوون.

بەیانی دەگەڵ تاریک و ڕووندا لە دەرکە درا، سێ ڕۆژ پێشتر دایکم نەشتەرگەرییەکی مێشکیان لە نەخۆشخانەی زانکۆ بۆ ئەنجامدابوو، هەرچەند نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتووش بوو، وەلێ هەر تاو نا تاوێک دایکم لە هۆش خۆی دەچوو، کاتی نەشتەرگەرییەکە گوڵئەحمەد لەوێندەر ئامادە بوو، لە پێش ئێمەوە هاتبوو، پێی گوتم: هەرچەند ڕۆح وە دەستی خوایە، وەلێ بە گەورەیی خۆی قەسەم، من زۆر لەدایکت لە مردنەوە نزیکترم، بەتایبەتی شەوان فرە بێ حاڵ و پەریشانم. ئیدی گەلێ لەم قسانە و قسانی خۆشی بۆ کردم و زۆری دڵ دامەوە، ڕۆژی دواتریش، کە چوومەوە سەیرم کرد، هەر لەوێندەرە! گوڵئەحمەد ماوەیەک بوو مردن کەوتبۆ سەر زاری، منیش بە پێکەنینەوە پێمگوت:

گوڵەباخ نەهۆژی هەر لەسەر وەسێتەکەی خۆت ماوی؟

ڕووی وەئالی دایکمدا چەرخاند و گوتی:

ئەوە میم گوڵشەن بەشایەد بێت ئەرەکو پەیڕەوی وەسێتەکەم نەکەیت و بەجێینەهێنی! لەو دنیا بەرۆکت بەرنادەم و بەرگریشت لێ ناکەم.

ئەوی ئێمەی بەئەمەکدار و هەواداری خۆی دەزانی و لەم قسەیەشیدا مەبەستی خۆی هەبوون. ئەو دەیگوت: زۆرینەی دانیشتووانی سەرگۆی زەوی، ئەندام و لایەنگیر و هەواداری حیبزەکەی ئێمەن و تەنانەت دەیگوت: ئەو حیبزانەی کە حوکمڕانیی جیهانیان کردووە و ئەوانەشی نەهۆ لە حوکمڕانیدان، گش لە ژێرەوە و بە پەنهانی سەرۆک و بیرۆی سیاسییەکانیان، لای ئێمە ئەندامن پۆستی گەورە گەورەشیان هەن. ڕۆژێک باییزی چاو دەنکە ترێ گوتی:

گوڵەباخ! بەرپرسانی هەردوو حیبزەکەی ئەمریکا: کۆماری و دیموکراتەکان، ئەوانیش پشکیان لای ئێمە هەن؟!

گوڵئەحمەد گوتی: تەنانەت، کۆنگریس و پیرانیش!

شارەزای دیرۆک نیم؟! لێ زۆر جاران لە دوو قەوارەی زۆر کۆن دەپەیڤی! نازانم بە زمانی ئەم سەردەمە ناویان بنێم چی! دەیگوت: ئەوان و ئێمە لە پرانسیپدا یەک ئایدۆلۆژی و یەک میتۆد و یەک ئەجندەمان هەبووە.

هەتا کەرەتێک کوڕەکەی سمە سەرسپی، ها ئێستێ ناوەکەی خۆی گۆڕیوە، بە سپیلک رەنجاو! جا ئەو دەستی نووسین و چەند ساڵانێکیش لە دەرەوەی خوێندبوو پێیگوت: ڕەییس، ڕەییس ناوێکی تری گوڵەحمەد بوو، ئێمە هەر لەبەر خۆشەویستی، پێمان دەگوت گوڵەباخ.

.... دەزانم جا تۆ قسەی خۆت لەبیر بێت، من هێمان منداڵ بووم، کە باسی ئەم کاکەحمەدە دەهات، نەمدەزانی هەر هەموو ئەم ناوانە یەک کەسن. لە یادمە شەوێک، ئاخر منیش منداڵیم لە هەمان گوندی، کە هەوکە پێ دەبێژن (فشاوا) بەسەر بردووە. شەو درەنگانێ، باوکم بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، من و دایکم ڕۆنیشتبووین دایکم حەکایەتی دێگونەچارەی بۆ دەگێڕامەوە بەدەم وەنەوزدانەوە خەروا هەنجیرمان دەخوارد. دایکم گوتی: ها ئەحەشەل چی دەگوت، ئاخر ئەو لاقێکیشی لە خولی یەکەمی شەڕی براکوژیدا پێکرابوو! باوکم گوتی: چی بڵێت ئەو لە دوڕ و یاقووت زیاتر چی هەن، دایکم گوتی: منیش مەبەستم ئەوەیە. باوکم مژولی گیرفانەکانی بوو، وابزانم تەزبیحەکەی لەوێندەر نەهێنا بووەوە، بۆیە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئێی ڕەییس، خوانەخواستە شتێکت لێبێت، کەس جێگەکەت پڕ ناکاتەوە؟!

جا لەوەوە لام پەنی بوو، کە ئەم نێوانە هەموو خوازراون.

ڤێجا گوتی: لە دەمی هەرزەکاری خۆی دەدوا، کە وەختێ لە سوپا سەرباز دەبێت. دایکم گوتی: لە سوپا سەرباز دەبێت؟ باوکم هەر خەریکی پشکنینی بەرکەکانی بوو، دایکم تێهەڵچووەوە، دە دەی بۆمانی بگێڕەوە، بەیانی دەچم لە ماڵی نارنج تەزبیحەکەت بۆ دێنمەوە.

دەیگوت: ڕۆژێک سەلاوێکی سەربازیم ئەنجامدا، سێ قاڵب چیمەنتۆی ژێر پێم وردوخاش بوون، دایکم گوتی: چیتر؟ دیاربوو دایکیشم وازی بە گوتەکانی هەبوون، باوکم گوتی: کچێ چووزانم! باسی لەوەش دەکرد، کە لەسەر کوردایەتی تەمایان بووە بیگرن و ئەویش هەڵاتووە و لە گوندێکی دوورەدەست، دەستی بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کردووە، دەیگوت بێستانێکی شووتیم هەبوو، هەر برکێکی بەژمارەی تەڵە مووەکانی سەرم شووتی گرتووە و هەر شووتییەکی، وەبارستایی ڕەشکەیەکی کا دەبوون، جا دەیگوت ڕۆژێک هەواڵ هات کە جێش و جاش بەڕێوەن و پیادەی عەرەبیش لە نواوەین، شاخەکە تەنراوە و هەموو چۆم و ڕەز و باخ و دەروازەکانی گوند گیرابوون، نێو دێیەکە خرۆشابوون، بیرم کردەوە چیبکەم! وەڵڵا ناچار شامییەکم هەڵکۆڵی و چوومە ناویەوە. دایکم دای لە شریقەی پێکەنین و گوتی: ئەدی تۆ چیت گوت؟ باوکم گوتی: برامی؟

دایکم هەڵیدایێ: جا پیاوەکە دیارە تۆش قەیدی؟ باوکم کەمۆکەیەک بە جەمادانییەکەی سەری خوراند و گوتی: من دەمێکە قەیدم، ئەی تۆ؟ دایکم گوتی: برامی.

ئیدی لەو دەمەوە کەوتمە سەروسەودای قسەکانی و ئەو پیاوەم لا خۆشەویست بوو؟

..... کوڕەکەی سمە سەرسپی پێیگوت: تۆ ئەو حیبز و حیبزوکانە کە باسیان دەکەیت، وا خۆت شان دەدەیت چەند جارێک دەمڕاست و دەمسپییەکانیت دیبێت و دەگەڵ پیاوانی چون باوکی

سمایل و باوکی براییش گفتوگۆتان لەژێر یەک سابات و کەپرۆکەدا کردبێت؟!

باشە کەنگێ ئەوان لەم سەردەم و زەمانەی ئینگۆدا بوون و ژیاون، گوڵەباخ بۆ قسان دانەدەما!

گوتی: من لە خەودا چەند جارێک ڕۆحیانەکەم فڕیوە و لە گەڵیان ڕۆنیشتووم و تەنانەت زۆرجارانیش لەسەر یەک خوان و لە یەک دیوەخان کۆبووینەتەوە و دەعواتیان بووم؟ هەتا جارێکیان شەرابیان لۆ هێناین، شەرابەکە ڕەش ڕەش، دەتگوت بەری ئەفتاوە، دەمەهەوێ بێژم هێند ئاڵ بوو لە ئاڵیدا خۆی ڕەش دەنواند، کە سەر و دەفرمان لێ نۆشین. جەستەمان یەک پارچە پەمەیی و زارمان ئاڵ هەڵگەڕا وەکی گولیلکان.. گوتیان ئەوە شەرابی نەمرییە و ئەوی یەک دەفری لێهەڵدا بەدرێژایی تەمەنی پێمێردەی لێ نزیک نابێتەوە، من بیستبووم ئاوی ژیان هەیە و، ئەوی بیخواتەوە ئیدی نامرێ و، هەر وە نەمری دەمێنێتەوە. لێ ئەوە یەکەمجارم بوو، ئەوەم لەوێ دیت و ژنەفت.

هەنگینێ هەر لەو دانیشتنەدا لە ماڵی مارف، تولاژەکەی حەمەی شێخ گوتی: گوڵەباخ! لەم ڕۆژانەدا گەشتێکمان بۆ چەمی گورگان کرد، تا ئێوارێ لەوێ ماینەوە، دەمە دەمی نیوەڕۆ پاش فراوێن دەستنوێژم گرت و بەنیازی ڕوو لەخوا، لەسەر تاوێرێک نوێژەکەم دابەستا. وەختێ لە تەواو بووندا بووم دەمەهەویست سەلاو بدەمەوە تاوێرەکەی ژێرم بزاوت، ترس چوارپەلی خاوکردمەوە سڵم لە بوومەلەرزە دەکردەوە، ئەگەر هەو بێت، من لەم چەمە قووڵەدا چی بکەم؟ پاشتر هەستم ڕاگرت و چاتر ورد بوومەوە، دیتم ئەوی من بەتاوێرم زانیوە و لەسەریم نوێژ دابەستووە کیسەڵێکە چی کیسەڵ هەنکی لۆدە کایەک دەبێت؟

گوڵئەحمەد گوتی: برامی!

ئەوا منیش پلەی تۆم لە ئەندامییەوە بەرز کردەوە بۆ بەرپرسی باخی نێو ڕێیان.

جوبرائیل هەڵیدایە و گوتی: ڕەییس! منیش ئەوی ڕۆژێ ئوتومبێلەکەم پێ بوو، لە خولکەی ئەمسەری شاردا دەمەهەویست بادامەوە هێندەم خێرا دەئاژوا ڕەقەمەکەی دواوەی ئوتۆمبێلەکەم بە هەردوو چاوی خۆم دیت. گوڵەباخ هەمیسان گوتی: برامی..

پێویستە تۆ دوو پلان بڵیند بکرێیتەوە.

قالە سووریش لە سەری سەرەوە و بەتەنیشت گوڵەباخەوە دانیشتبوو چای تێکدەدا، مژێکی لە چایەکە دا و گوتی: برایان ئەوی ڕۆژێ دەهاتمەوە بۆ گوند، لە نیوەی ڕێگە ئوتومبێلەکەم گوتی: باوکم مرێ و دایکم مرێ کارم نەکردووە و نایکەم، کە دوایی تەماشام کرد و لێیورد بوومەوە، بۆم

ڕوون بووەوە یەک چۆڕ بەنزین دەنێو عەمارەکەیدا نەماوە. ئەی خوایە! لەم چۆڵەوانییەدا چی بکەم، خوا و ڕاستان لەو دەمەیدا باڵافڕێکی مێک بەسەرماندا ڕەت بوو، پیرە بڕنەوم لێخستەکار و دەگەڵ یەکەم فیشەک دا تەنکی بەنزینەکەیم سمی و بەنزین چۆڕاوگەی بەست، منیش قەپاغی عەماری بەنزینی ئوتومبێلەکەم کردەوە و بەدوایدا، ئەو بڕۆ و، من بە ئوتۆمبێل بەدوایەوە، تا بەتەواوی تەنکیی ئوتۆمبێلەکەم تژی بوو، برایان بڕواییتان هەبێ کە ویستم بگەڕێمەوە ئوتومبێلەکە، هێند تیژ بووبوو هەرچەند بازدی دەدا سی گوریسان بڵند دەبووە و ئەوجار جادەکەی دەگرتەوە..

گوڵەباخ هاواری کرد: برامی!

تۆ هەر لە ئێستەوە ئەندامی بیرۆی حیبزەکەمانی.

جا وەکو بیرم مابێت ئەو دانیشتنەمان بە یاداشتێکی گوڵئەحمەد خۆی دووماهی هات، گوایە دەگەڵ کۆمەڵێک برا، واتە ئەندامانی حیبز، لەسەر پرسی حیبز دەگیرێن دەیگوت: ژوورەکەی کە تێیدا بەند کرابووین سێ بەچوار مەتران و نزیکەی چل برای تێدا بوون، چلەی هاوین بوو، ژوورەکە زۆر گەرم و هەڵماوی بوو، قولکێکمان لە خوارەوەی ژوورەکەدا لێدا و بەنۆرە هەر یەکێکمان پێنج خولەک جارێک هەڵدەستا، بە سەتڵ عارەقەی نێو ژوورەکەی فڕێ دەدایە دەرەوە نەوەکو عارەقەی ژوورەکە بڵند بێتەوە و مینا کەشتییەکەی تایتانیک نوقم بین.

سەرهاتی زۆر بوون خوا عافوی کات. جا کە بەو کازێوەی بەیانییە، لە دەرکە درا، دڵم داخورپا و گیانم کەوتە لەرزین، من سۆسەم دەکرد دایکم مردبێ، بەپەلە ڕامکرد بۆ دەرگاکە تەماشام کرد خولە بڕنەوە، وتی: کاک ئاوات ئەمشە و کاکەحمەد ئەمری خوای کردووە و هاتووم پێت بڵێم. ئیدی هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، جلەکانم گۆڕین و پێم پێوەنا، کە چووم گەڕەک و کۆڵان خڕ بوو بوونەوە، جوانیان شۆردبوو کفنیان کردبوو، هەندێک لە خەڵکی گەڕەک چووبوون بۆ گۆڕستان، قەبریان بۆ ئامادە کردبوو، بەڵام برازایەکانی ناڕازی بوون دەیانگوت: وەسییەتی کردووە دەیبەینەوە گوندەکەی خۆمان، ئەوانیش دەیانگوت: هەموو خاکێک هەر موڵکی خوایە و هیچ جیاوازییەک نییە؟ ئەم خەڵکە بۆچی ئەزیەت بدەین ئەوا گۆڕی بۆ ئامادە کراوە و دەچین بە خاکی دەسپێرین، جا وەکو وەسێتەکەیم بۆ گێڕایتەوە، منیش دەقاودەق ڕاسپاردەکەی ئەوم بەجێ هێنا، نوکە، سێ پاڵێوراوی هەن، گوڵەباخ خۆی دەستنیشانی کردوون، لەم ڕۆژانەدا کۆدەبنەوە و یەکێکیان جێگەی وی دەگرێتەوە و حیبزەکە بەڕێوە دەبات.

کەرکووک/ کۆتایی ٢٠٠٧